لە شاری کەرکوك بەرپرسێکی باڵای داعش لەئێپەراسیۆنێکی ئەمنی دەستگیرکرا

بەوەبەرایەتی گشتیی هەواڵگری و ئاسایشی پارێزگای کەرکوك ئەمە چوارشەممە رایگەیاند، بەهاوکاری بەوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆری سلێمانی، ئێپەراسیۆنێکی تایبەتیان لە شاری کەرکوك ئەنجامداوە و بەرپرسێکی باڵای رێکخراوی داعشیان لەو ئێپەراسیۆنەدا دەستگیرکردوە کە چەندین تاوانی ئەنجامداوە.

بەوەبەرایەتی گشتیی هەواڵگری و ئاسایش لە ڕاگەیەنراوێکدا باویکردەوە، "بە هەوڵی هەواڵگری و چاودێریکردنی وردی مەیدانی، شانەی نوێنەرایەتیی هەواڵگریی تایبەت، بە هاوکاریی بەوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر لە سلێمانی، توانی چەکدارێکی تیرۆریستی مەترسیدار لە پارێزگای کەرکوك دەستگیربکات".

ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەو تیرۆریستە ئەرکی سەرەکی گواستنەوەی سەرەکی باندە تیرۆریستەکانی داعش بو لە نێوان قەزای داقوق و پارێزگای کەرکوك، هەروەها بەپێی بڕگەکانی مادەی (4)ی یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆر فەرمانی دەستگیرکردنی بە دەرچوە، هەروەها یەکێکە لە دیارترین ئامانجەکانی ئەو بەوەبەرایەتییەی پشتر ئاماژەی پێکراوە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ڕوشونی یاسایی لە دژی گیراوەتەبەر و هەوانەی دەسەاتی دادوەری کراوە بە ئەوەی سزای دادپەروەرانە خۆی وەربگرت".